## پێش کۆتایی هاتنی ئەم مانگە شەقامی 100 مەتری سلێمانی دەکرێتەوە



ئەمڕۆ هەینی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی کۆمپانیای قەیوان ئاشکرایکرد، پێش کۆتایی هاتنی مانگی دەی ئەمساڵ بەشێك لەشەقامی ستراتیجی بابان بەڕووی شۆفێراندا دەکرێتەوە.

دلێر کەمال، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی کۆمپانیای قەیوان لەڕاگەیەندراوێکدا ڕایگەیاند،" 26 کیلۆمەتری پرۆژەی ستراتیجی بابان کەبەشەقامی سەد مەتری سلێمانی ناسراوە، کۆتاییهاتووە و کۆتایی ئەم مانگە ئەو بەشەی کە تەواوبووەو بەڕووی شۆفێراندا دەکرێتەوە". ئاماژەی بەوەشکرد،" ئەو بەشەی کە تەواوبووە پێکدێت لەیەک بەرزەپرد، پێنج ئەندەرپاس، 68 ئاوبەر و حەوت یەکتربڕە".